# فەلەکناسی: پێشبینی دەکەین یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان ٦ی حوزەیران بێت

ناوەندی نوودەوەتی فەلەکناسی وادەی یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانی بە ئەمساڵ ئاشکرا کرد و دەڵێت، پێشبینی دەکەن یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان ٦ی حوزەیران بێت.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٥، ناوەندی فەلەکناسی نوودەوەتی لە ئیمارات لە بەیاننامەیەکدا وتی، ڕۆژی شەشی ئەم مانگە کە دەکاتە ڕۆژی هەینی، یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان دەبێت، کە لە ڕۆژی ٢٧ـی ئەم مانگە، هیلالی مانگ دەبینرێت و ڕۆژی ٢٨ـی مانگیش دەست دەکرێت بە ڕۆورەسمەکانی حەج.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ڕۆژی ٥ـی ئەم مانگە کەتا ڕۆژی ڕۆورەسمەکانی حەج و دواتر دەست دەکرێت بە وەستان لەسەر کێوی عەرەفە، بەوەش ڕۆژی ٦ـی مانگی داهاتوو یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، مانگی هیلال لەو ڕۆژەدا بە بەکارهێنانی تەلەسکۆپ لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا و زەربەی وڵاتانی ئەفریقا و ئەوروپا و بە چاو لە بەشێکی زۆری هەردوو کیشوەری ئەمریکادا دەبینرێت، لە جیهانی ئیسلامیشدا لە ڕۆژانی داهاتوودا دەبینرێت.